# دید و ڕەحمەتی ئیسلام بەرامبەر کەسانی ناموسڵمان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# نظرة ورحمة الإسلام تجاه غير المسلمين

« باللغة الكردية »

أوميد عمر جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# دید و ڕەحمەتی ئیسلام بەرامبەر کەسانی ناموسڵمان

سوپاس بۆ خوای گه وره ومیهره‌بان، وه درود و صه ڵات وسه لام لـه‌سه‌ر محمد المصطفى وئال وبه یت ویار ویاوه رانـی هه تا هه‌تایه .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام به چاوێکی مرۆڤ دۆستانه‌وه سه‌یری کەسانی ناموسڵمان ده کات، چونکه ناکرێت جگه لـه‌م دیده دیدێکی تری هه بێت به‌رامبه‌ر که‌سانی تر، لـه به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م ئاینه کۆتا ئاینی ئاسمانیه ، په‌روه‌ردگار خه ڵاتی کردووه بۆ مرۆڤایه‌تی فه رمانی کردووه به هه‌موو خه ڵکی قبوڵی بکه ن و بۆ ئه م کاره ش پێغه مبه‌ری خودای هه ڵبژارد و جوبره ئیلی ڕه‌وانه کرد بۆلای و قورئانی پیرۆزی وه ك دوا په یامی ئاسمانی بۆ هێنا تاوه کو ببوێته ڕه‌حمه‌ت بۆ ته واوی جیهان، وه‌ك خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ﴾ [ الأنبياء: ١٠٧ ] واتا : ئه‌ی موحه‌مه‌د ئێمه ته‌نها تۆمان بۆ ئه وه ڕه‌وانه کردووه که ببیته ڕه‌حمه‌ت بۆ هه‌موو جیهان .

خوای گەورە ومیهرەبان پاش ئەوەی ئەم پەیامەی پیرۆزەی نارد بۆ باوە ڕداران، فەرمانی پێکردن کە بانگەوازی خەڵکی بکەن بۆ یەکخواپەرستی و لەم پێناوەشدا هەموو توانا و کات و سەروەت وسامانی خۆشیان ببەخشن، بۆ ئەوەی دونیا لەتاریکی نەفامی و جەهالەت و دواکەوتووی ڕزگار بکەن و بەرە و نوور و ڕوناکی ئیمان و ئیسلام بیانبە ن، لە زوڵم وستەمی ئاینەکانی تر دەریان بهێنن وبەرەو دادگەری و عەدلی ئیسلام هەنگاویان پێ هەڵبگرن، هەر ئەمەش مەبەستی سەرەکی هاتنی سەرجەم پێغەمبەران بووە ( سەلات وسەلامی خوایان لێ بێت ) .

گومانی تێدا نییە مرۆڤ وە ك کائنێکی زیندوو خوای گە ورە ڕێزێکی بێ شوماری لێگرتووە و کردویەتی بە گەورە و سەیدی هەموو مە خلوقات، وە ك خوای گە ورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْ نَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً ﴾ [ الإسراء : ٧٠ ] واتا : سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا (بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراو جۆر بە هرەوەرمان کردوون (لە خۆراك و پۆشاك و ماڵ و ناوماڵ و .. هتد) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادە ی ئە وانمان داوە بەسەر زۆربە ی ئە و بە دی

هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لە هەموو ڕوویەکەوە، تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

ئەم ڕێزگرتنەش گشتگیرە و تەواوی مرۆڤەکان بە باوەڕدار و غەیری باوەڕداریشەوە دەگرێتەوە، بەشێوەیەك ئەم ڕێزگررتنە شۆڕ بووە تەوە بۆ گشت کایە کانی ژیان و ئە حکامەکانی شەریعەییش، ئەو کەسەی کەمێك شارەزایی هەبێت دەرك بەو هەقیقەتە دەکات ئەویش لەڕوانگەی خوێندنەوە و تێڕامان لە ئایەتەکانی قورئان و فە رموودەکانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) .

فقد روى الإمام مسلم أَنَّ قَيْسَ بْنَ سَعْدٍ وَسَهْلَ بْنَ حُنَيْفٍ كَانَا بِالْقَادِسِيَّةِ، فَمَرَّتْ بِهِمَا جَنَازَةٌ، فَقَامَا، فَقِيلَ لَهُمَا : إِنَّهَا مِنْ أَهْلِ الأَرْضِ (أي: من مجوس فارس )، فَقَالا : إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ مَرَّتْ بِهِ جَنَازَةٌ فَقَامَ، فَقِيلَ : إِنَّهُ يَهُودِيٌّ، فَقَالَ : « أَلَيْسَتْ نَفْسًا » واتا : ئیمامی موسلیم ڕیوایە تی کردووە لە قەیسی کوڕی سە عد و سە هلی کوڕی حونە یف ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لە جەنگی قادسیە دا تە رمێکیان بە لایاندا تێپەر کردن، ئەوانیش لەبەری هەستانەوە، پێیان ووتن : ئەمە خەڵکی ئە و ووڵاتە ن واتا : ئاگری پە رست بوون، ئەوانیش لە وەڵامدا ووتیان : تەرمێکیان تێپە ڕ کر د بە لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دا و ئەویش لەبەر تەرمەکە هەستایەوە، پێیان ووت : ئەو تەرمە تەرمی کەسێکی جولەکە بوو، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )

لەوەڵامدا فەرمووی : ئایا ئەویش ( نەفس = مرۆڤ ) نییە .
ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیسلام بە مردوویش ڕێزی لە مرۆڤەکان ناوە چ جای بەزیندووی .

ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەبوو ببوایە بەمایەی باوەڕ هێنانی زۆرێك لە جولەکەکان، بەڵام نەك هەر باوەڕیان نە هێنا بەڵکو بە هەموو جۆرێك دژایەتیان کرد و خەریکی پیلانگێری بوون لە خۆی و دەوڵەتی ئیسلامییش.

لە لایەکی ترەوە موسڵمانان دەزانن جیاوازی نێوان مرۆڤەکان کارێکی حەتمی و حاشا هەڵنەگرە و دەبێت هەر ببێت، چونکە مرۆڤەکان سروشتیان وایە هەموویان لە سەریەك دڵ کۆنەکراونەتەوە وتاوەکو جیاوازیان نە بێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ﴾ [ يونس : ٩٩ ] واتا : خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (دەیتوانی بە زۆرو بە ناچاری) هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕ بهێنن (بەڵام پەروەردگاری مەزن ڕێزی بۆ ئادە میزاد داناوە و سەرپشکی کردووە)، جا ئایا تۆ ( ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ) ئەتەوێ زۆر لەخەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕوادارببن؟!

لەم ئايەتە پيرۆزەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە خواى گەورە مرۆڤەكانى ئازاد كردووە لەهەڵبژاردنى ئاين و بيروباوەڕى خۆياندا بۆ ئەوەى بە وويست وئيرادەى خۆيان پاشە ڕۆژى خۆيان ديارى بكەن لەوەى كە ئايا ئيمان وباوەڕ هەڵدەبژێرن ياخود بێباوەڕى و سەركەشى و دوور لە خودايى .

بە كورتى گرنگى و كارى مرۆڤى موسڵمان لەم ژيانەدا ئەوەيە كە بانگەوازى غەيرى موسڵمانان بكەن بۆ لاى ئيسلام و ئاينە پيرۆزەكەى بۆ ئەوەى مرۆڤايەتى سوود مەند وبەهرەدار بێت بە نيعمەتى ئيسلام و شەريعەتەكەى، خۆ تا ئەو كاتەى باوەڕداران كاريان بە هێمنى و ئاشتى بەڕيوە چوو بێت لە گەياندنى ئاينەكەيان هەرگيز پەنايان نەبردووەتە بەر بەكارهێنانى هێز، كاتێكيش ناچار بوون كە هێز بەكار بهێنن، تەنها بۆ ئەوە بوو ئەو ڕێگايانەى كە بەدڕك وداڵ گيراوە و بوونەتە بەربەست لەگەياندنى ئيسلام پاك بكەنەوە، ئەويش بەڵگەى ئەوەيە هەركاتێك هەر شارو ناوچەيەك موسڵمان بووبن ئەوا دەسەڵاتى ئيسلام وازيان لێهێناوون و كەسێكيان لەخۆيان كردووە بەكار بە دەست بە سەريانەوە، خۆ ئەگەر موسڵمانيش نەبووبن، ئەوا بانگيان كردوون بۆ ئەوەى وەك هاولاتيەكى ژێر سايەى دەسەڵاتى ئيسلامى سالانە ( جزية = بريتى ) يەك بدەن، لە بەرامبەردا ئازاد بوون لە سەر ئاينى خۆيان بمێننەوە و پەيڕەوى دينەكەى خۆيان بكەن وخەريكى

کەسابەت و با زرگانی و ژیانی ڕۆژانە یان بن، بۆ هیچ کەسێکیس نەبووە لە موسڵمانان زوڵم وستە میان لێ بکات و مافیان زەوت بکات، یان سوکایە تیان پێ بکات، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ [ البقرة : ٢٥٦ ] واتا : بەهیچ جۆرێک زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوە ڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا) .

چونکە هەرکاتێك بیروباوەڕ بەزۆر سەپا بەسەر خەڵکیدا نیفاق و دووڕووی بەرهەم دەهێنێت، و ئەو کەسە باوەڕدار و تاکێکی سوودبەخش نابێت بۆ کۆمە ڵگە، لە بەر ئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی وەرگرتنی یەکخواپەرستی و عیبادەت و خواناسی لە ئیسلامدا، ئیخلاص و دڵسۆزیە بۆ خوای گەورە و پەروەردگار، ئەمەش کارێکی مەحاڵە لەگەڵ ئەو کەسەی بە زۆر ئاینی بەسەردا دەسەپێنرێت .

خۆ گومانی تێدا نییە کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مەدینە دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند تەنها موسڵمانانی لێ نە بوو، لە گەڵ ئەو واندا سێ تیرە و هۆزی جولەکەش هەبوون، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەسەرەتای کۆچکردنیەوە بۆ ئەو شارە پەیمان نامە یەکی لەگەڵدا بەستن، کە لەو پەیمان نامەیەدا هەموو مافێکی بۆ

جولەکەکان دەستەبەر کرد، مافی ئازادیەکانیان لە مانەوەیان لەسەر بیروباوەڕی خۆیان، مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافی ژیانیان وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە، لەبەرامبەریشدا ئەوان وەك پێکهاتەیەکی دەوڵەتی ئیسلامی نابێت پیلان لە دژی موسڵمانان بگێڕن و دەبێت دڵسۆزی خاك و نیشتمانی خۆیان بن، بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و موسڵمانان پابەندی ئەو پەیمان نامەیە بوون تا ئەو کاتەی جولەکەکان پەیمان نامەکەیان شکاند و دەستیان کرد بە خیانەتی گەورەی نیشتمانی، بۆیە پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) ناچار بوو هەر سێ هۆزەکەی لە شاری مەدینە دوور خستەوە بۆ شاری خەیبەر، بەڵام نەگریسی جولەکە بەوەیشەوە نەوەستا لەوێش خەریکی دوژمنایەتی و پیلانگێران بوون لە موسڵمانان .

لە لایەکی ترەوە جیاوازی بیروباوەڕ نابێت ببێتە هۆی ئەوەی دادەوەری دەسەڵاتی ئیسلامی زوڵم وستەم بکات لە کەسانی ناموسڵمان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ [ المائدة : ٨ ] واتا : رق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، دەی

کەواتە لەخوا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوەیەی کە دەیکەن .

نەك هەر هێندە بگرە ئەو هەموو ناموسڵمان و خاوەن ئاینە جیاوازانەی کە تا ئێستاش لە جیهانی ئیسلامیدا ماونە تەوە وسەرگەرمی تەعالیم و بە جێهێنانی ئاینی خۆیانن، بە ڵگەیە لەسەر ئە وەی نا موسڵمان ان بەدرێژایی مێژووی دە سەڵاتی ئیسلامی زوڵم وستە میان لێ نە کراوە لە لایەن موسڵمانانەوە، ئەوەتا پێغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەبارەی بەناهەق کوشتنی ئە و بێباو ەڕەی کە پەیمان وبە لێنی هە یە لەگەڵ موسڵماناندا فە رموویەتی : « مَنْ قَتَلَ نَفْسًا مُعَاهَدًا لَمْ يَرِحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ أَرْبَعِينَ عَامًا » [ رواه البخاري ] واتا : هەر موسڵمانێك کەسێك بکوژێت خاوەنی پەیمان وبەلێن بێت لەگەڵ موسڵماناندا ئە وا بۆنی بە هەشت ناکات، کە بۆنی بەهەشت لە دووری ڕێگای چل ساڵەوە هەستی پێ دەکرێت .

ئەم فە رموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئە وەی موسڵمانان دە بێت خاوەنی پە یمان وبە لێنی خۆیان بن لە گەڵ ئە و کە سانەی پەیمانیان بەستووە لەگەڵیاندا تا ئەو کاتەی بەرامبەرەکانیان لەسەر پەیمان وبەڵێنی خۆیان بن .

لەم بارە یشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ فَمَا ٱسْتَقَـٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾ [ التوبة : ٧ ] واتا : چۆن پەیمان دەبێت بۆ هاوەڵگەران ( ئەوانەی کە چەندەها جار پەیمان دەشکێنن )، لای خواو لای پێغەمبەرەکەی (پەیمان نابێت)؟! جگە لەوانەی کە لە پاڵ مزگەوتی حەرام و (کەعبەدا) پەیماننتان (لەگەڵیاندا مۆرکرد ) هەتا ئەوان پابەند و ڕاست و دروست بن لە سەر پەیمانەکەیان بەرامبەر ئێوەوە، ئەوە ئێوەش پابەندو ڕاست و ڕەوان بن بۆیان، چونکە بەڕاستی خوا پارێزکارانی خۆش دەوێت

کاتێکیش ( بيت المقدس ) ڕزگار کرا و ئە میری موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕۆشتە ناویەوە، کلیلەکەی لە بەترپاکەکەی وەرگرت پەیمانێکی لە گەڵیاندا نووسی کە ئەمە بەشێکی ئەو پەیمان نامەیەیە : « هذا ما أعطى عبد الله عمر أمير المؤمنين أهل إيلياء من الأمان . أعطاهم أماناً لأنفسهم وأموالهم. ولكنائسهم .... وسقيمها وبريئها وسائر ملتها، أنه لا تسكن كنائسهم ولا تهدم . ولا ينتقص منها ولا من حيزها . ولا من صلبهم، ولا شيء من أموالهم، ولا يكرهون على دينهم، ولا يضار أحد منهم، *ولا يسكن بإيلياء معهم أحد من اليهود » واتا : ئەمە ئەو ئەمانەیە کە

بەندەی خوا ( عمر ) ئەمیری باوەڕداران داویەتی بە خەڵکی ( ئیلیا ) بۆ خۆیان و ماڵ وسامان و کە نیسەکانیان، بە لەش ساغ و بە نەخۆش و پە ککەوتەکانیان بە تەواوی ئ ەهلی ئاینەکەیان، بە وەی نابێت کە نیسەکانیان هیچ کە سێکی موسڵمانی تێدا نیشتەجێ بکرێت، وەنابیت بڕوخێنرێن، وە هیچ شتێکیان لێ کە م نە کرێتەوە، لە سنووری کە نیسە و خاچ وسامانیان، وە نابێت زۆریان لێ بکرێت واز لە ئاینەکەیان بهێنن، یان ئە زیەت و ئ ازار بدرێن، وە نابێت هیچ کە س لە جولەکان لەگەڵیاندا لە شاری ( ئیلیا ) نیشتەجێ بکرێن .

ئەم پە یمانە لێوان لێوە لە عەدل و دادگە ری و مافی کەمایەتیە ئاینیەکان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، هەر ئەمەش وای کرد لە بەتریاکی ( بیت الم قدس ) کاتیك ئە و سیفاتە جوانانەی بینی لە ( عومەری کوڕی خە تابدا ) کە چەندێك ( متواضع ) و خاکییە کلیلەکانی تەسلیم کرد وگریا، عومەریش ( خوای لێ ڕازی بێت ) وەك سەرکردەیەکی ژیر و خاوەن تەجروبە، هەڵنەسا سوکایەتیان پێ بکات، یاخود پێیان پێ بکەنێت،. بەڵکو دڵخۆشی دایەوە و پێی ووت : ئەمە حاڵی دونیایە، هەر ڕۆژێك لای کۆمە ڵێکە، ڕۆژانێك بۆ ئێمە یە و ڕۆژانێکیش بۆ بەرامبەرەکانمان، بەتریاکەش لەوەلامدا ووتی : دڵگران نیم لە بەر ئەوەی کە ئێوە وەك ( فاتح ) و (غزاة ) هاتوونەتە ناو ( بیت المقدس ) ، وە دونیا ڕۆژێك بۆ ئێوە یە و

ڕۆژانێکیش بۆ ئێمە ، نەخێر بەڵکو ئیتر ئێوە بە بیروباوەڕ و حوکم و خو و ڕەوشتی جوانی ئیسلام بۆ هەتا هەتایی بوون بە خاوەنی ( بیت المقدس ) .

لەسەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی عبد العزیز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )( قتیبةی کو ڕی موسلیم باهلي ) کە قائد وسەرکردەی سوپای ئیسلام بوو، لە ناکاودا دای بەسەر شاری ( سمرقند ) لە ناوچەی خۆراسان، بە بێ ئەوەی ڕە چاوی ئەوە بکات سەرەتا پێش ئەوەی بچێتە هەر شارێکەوە دەبێت بانگیان بکات بۆ ئەوەی موسڵمان بن، ئەگەر موسڵمان نەبوون، دەبێت بانگیان بکات بۆ تە سلیم بوون بە حوکمی ئیسلام و پێدانی ( جزية ) ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون ئەمجا سێ ڕۆژ مۆڵەتیان بدات وپاشان مافی ئەوەی هەیە بجەنگێت لەگەڵیاندا، بەلاَم ( قتيبة ) ئەوەی نەکرد، ولە ناکاودا ی بەسەریاندا، کاتێکیش کاهن و پیاوانی ئاینی ( سمرقند ) زانیان ئەمەی ( قتيبة ) کردویەتی پێچەوانەی تەعالیمەکانی ئیسلامە، نامەیەکیان نووسی بۆ خەلفیەی موسڵمانان ( عمری کوڕی عبد العزيز ) و سکالاَیان کرد لە و کارە ی ( قتيبة )، عومەریش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) وەلاَمی نامەکەی دانەوە بەوەی کە والی ( سمرقند ) قاضیەك دابنێت بۆ چارە سەکردنی ئەو کێشەیە، ئەویش هەستا ( جُمَيْع بن حاضر الباجي ) وەك قاضي

دەستنیان کرد بۆ دادوە ری کردن لە نێوان ئەو و خە ڵکی ئەو شارەدا، ئەوە بوو کاتێك (جُمَيْع ) زانی ئەوان لە سەر هە قن فەرمانی کرد کە سوپای ئیسلام لە و شارە بکشێتەوە و هە ر زەرەروزیانێکیشان کردووە بۆیان ببژێرن، بەڵی سوپای ئیسلام لە ( سمرقند ) هاتنە دەرەوە، هەق گەڕایەوە بۆ خاوە ن هەق، کاتێك خە ڵکیش ئە م دادگە ری و عە دالەتەی ئیسلامیان بینی زۆربەی زۆریان موسڵمان بوون و ئە وەشی موسڵمان نەبوو ڕازی بوو ساڵانە ( جزیة ) بدات .

بەڵێ خۆشەویستان ئەمەیە عەدالەت و دادگەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کە ڕێزێکی لە ڕادە بەدەری داناوە بۆ مرۆڤە کان بە گشتی و خاوە ن نامە ئاسمانیەکان بە تایبەتی، بە پێچەوانەی ئەوانی تر کە لە دونیای ئە مڕۆ بە ناو جاڕنامە ی گە ردوونی مافەکانی مرۆڤدا بە ناوی دژایە تی کردنی تێرۆر و لە ژێر پەردەی ئەم ناوەدا هەرچی زوڵم وستە م هە یە لە موسڵمانانی دەکەن، نمونەی موسڵمانانی ( بۆرما ) و ( ئەفریقای ناوەڕاست و ئۆغەندا ) زیندوو ترین نمونەن کە بە زیندووی و بە بەرچاوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە کانی بە ناو مافی مرۆڤە وە دەیانسوتێنن بەبێ ئەوەی بە ووشەیەکیش بێنە دەنگ ..

خوای گەورە لە تۆی بەرز وبڵند دە پاڕێینەوە کە جارێکی تر دەسەڵاتی ئیسلامیمان بۆ بگە ڕێینیتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە ڕەحمەت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی ( اللهم ئامین ) ..